The Centre of Halabja
*Against Anfalization and Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendî Helebce
*Dij be Enfalkirdin u Cînosaydî Gelî Kurd*
ÇAK
contact@chak.info

## پەیام بۆ سەرجەم نووسەران , شاعیران , هونەرمەندان و داهێنەرانی بەڕێزی گەلەکەمان

خۆشەویستان هەروەك ئاگادارن ڕۆژی **2006-8-21** **سەدام و عەلی کیمیاوی و هاوکارانی لەسەر دۆزی ئەنفال دادگایی دەکرێن , ئەوەی بۆ ئێوەی بەڕێز و داهێنەر ڕون و ئاشکرایە , گەورەیی دۆزەکەو گرنگی بڕیارەکانی دادگا و کاریگەری داواکارییەکان و جۆش و خرۆشی جەماوەری کوردستان بەرامبەر بە دادگاییەکە , کاریگەریی گەورەیان دەبێت لەسەر ئاراستە و ڕەوتی بڕیاری دادگاییەکە .**

**ناهەقییەکی گەورەیە بەرامبەر بە گەلی کورد , ئەگەر ئەم کارەساتە گەورەیە لەم دادگاییە بە ژینۆساید نەناسرێت , بێ ویژدانیشە دەوڵەتی عێراقی داوای لێبوردن لە گەلەکەمان نەکات , بەرامبەر بەم تاوانە گەورەیە , کە بە ناوی ئەوەوە و لە ژێر سایەی ئاڵاکەیدا دژمان ئەنجامدراوە , ئێوەی داهێنەریش گرنگی ئەو دوو داواکارییە دەزانن لەسەر داهاتووی سیاسی نیشتمان و گەلەکەمان .**

**بۆیە جێی خۆیەتی ئەم داواکارییانە سەرجەم هاووڵاتیانی گەلەکەمان ئەو ڕۆژە یەك بخات , کارەساتی گەورە لەوەدایە ئەم هەلەمان لە کیس بچێت و ئەو داخوازانە بەدەست نەهێنیین لەم قۆناغە ناسکەی پێیدا تێدەپەڕین .**

**لەم نێوەدا ڕۆڵی ئێوەی داهێنەر لە پێشەوەیە , چ بە بەشداریکردنی ڕاستەوخۆتان لە کەمپینە سەرانسەرییەکە کە هەمان ڕۆژ بە هاوئاهەنگی لە گەرمیانەوە بۆ ئەسکەندەنافیا چالاکی ئەنجام دەدەن , یاخود نامەی پشتگیری بنووسن بۆ ئەو هەڵمەتە جەماوەرییە , یاخود بە وتار و لێکۆڵینەوەو توێژینەوەو شیعر و بەرهەمەکانتان بەشداری بکەن لە هاندانی جەماوەر و ئاراستەکردنیان بۆ بەشداری لەو هەڵمەتە و دەرخستنی گرنگی دادگاییەکەو بە ژینۆساید ناسینی تاوانەکەو داوای لێبوردنی دەوڵەتی عێراق لە گەلی کورد .**

**چۆن هەموو کات دەستپێشخەریتان کردوەو لە پێشەوە بوونە , داواکارین ئەمجارەش لە ئێستاوە بەو ڕۆڵە مێژوییەی خۆتان هەڵسن , با ئەم هەلە مێژویی و چارەنووسسازە لە دەست نەدەین .**

**چاوەڕوانی هیمەتی هەموو لایەکین**

ناوەندی چاك

**2006-7-27**